ئێران پرسیەکی فراوانی لە ناوچەکەدا دەستپێکردووە بە مەبەستی لاوازکردنی ئێپێزسیۆن



سەرچاوەیەکی ئاگادار ڕۆژی هەینی ئاشکرای کرد کە ئێران پرسیەکی دیپلۆماسی فراوان لە ناوچەکەدا دەستپێکردووە بە مەبەستی لاوازکردن و لەناوبردنی ئێپێزسیۆنی ئێرانی. سەرچاوەکە بە ئاژانسی "المطلع"ی ڕاگەیاند، "هەفتەی ڕابردوو شاندێکی باڵای سیاسی و ئەمنی سەردانی شاری هەولێریان کرد لە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسان و کەسایەتییە سیاسییەکانی شارەکە کۆبوونەوە بە تاوتوێکردنی دواپین پێشکەوتنەکانی ناوچەکە و پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان هەولێر و تاران". ئاماژەی بۆ شکردووە، "شاندەکە ژمارەیەک دەسپێی هەبوو، گرنگترینیان لاوازکردن و ڕووخاندنی ئۆپۆزسیۆنە کوردە دژایەتی ئێران دەکەن کە بنکەیان لە هەرێمی کوردستانە".

سەرچاوەکە وتیشی، "دەسەڵاتدارانی ئێران پرسیەکی دیپلۆماسی فراوان لە ناوچەکەدا ئەنجام دەدەن، هاوکات لەگەڵ دانوستانەکانی ئێران و ئەورووپا و ڕۆژئاوا لە قەتەر و عومان، بە ئامانجی لاوازکردن و کۆتاییهێنان بە بوونی گروپە دژەکان لە عێراق و وڵاتانی جێراوجێری ڕۆژئاوا".

لە هەمان کاتدا، هەفتەی ڕابردوو گروپی ئێپێزسیۆنی موجاهیدی خەلق لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێلبانیاوە لە بارەگای سەرەکی گروپەکە لە تیرانای پایتەختی ئێلبانیا هەرشیان کرایە سەر و ژمارەیەک لە ئەندامانی گروپەکە کوژران و بریندار بوون، لەلایەکی تریشەوە بڕیاری ڕۆژی پێنجشەممە

پێکدادانی چەکداری لە پارێزگای سلێمانی لێنەوان دوو باڵی کۆمەڵە ڕووبدا، " کۆمەڵەی شۆشگێڕانی کوردستان" و "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان" و بەهێزە دوو پێشمەرگەی کۆمەڵە کوژران.

پێیامنێری "المطلع" ڕایگەیاند، "ئەو پێکدادانانە بووە هۆی کوژرانی دوو کەس و بریندارببوونی دوو کەسی دیکە لە هەردوو لا، لە هەمان کاتدا فڕۆکەیەکی بەفڕۆکەوان لە پارێزگای سلێمانی کەوتە خوارەوە".

شایەنی باسە کە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات بنکەیان لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەتایبەتی ناوچەکانی پەنجوێن و کۆیە و هانێ و هاپەرین، کە زۆربەیان دەکەونە سلێمانی و هەولێر.

لە لایەکی دیکەوە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕایگەیاند کە دوو ئەندامی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرشەکدا لەلایەن چەکدارانی کۆمەڵەی شۆشگێڕانی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی کوژراون.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "کۆمەڵەی شۆشگێڕان هەرشیان کردە سەر ناوەندەکانی هاهێنان و کەمپەکان و بە چەکی قەناس تەقیان لە هێزەکانی پێشمەرگە کردووە و بەداخەوە تا ئێستا دوو هێزی پێشمەرگە لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەناوەکانی سامان ئیبراهیمی و هیوا سادقی کوژراون".